# ئیبراهیم تاتلیسس:
# چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا سەرەتایەکە بۆ ژیانێکی نوێ



**کەناڵی تی. ئار. تی تورکی:**

هەنگاوەکانی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا لە رێگەی دانوساندن و دیالۆگ، رەنگدانەوەیەکی ئەرینی دروستکردووەو بووە بە مایەی ئەوەی کە هەموو هەوڵێک بخرێتە کار بۆ پشتیوانی لەم دۆزە کە درێژەی کێشاو بووە مایەی خوێن رشتن.

هونەرمەندی ناسراو ئیبراهیم تاتلیسس لەبەردەم جەماوەرێکی فراوان و لە کۆنسێرتێکدا کە لە ماردین لە کوردستانی تورکیا بەرێوەچووە ئەوپەڕی خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بەم هەنگاوانە دەربڕی و لەبەردەم هەزاران لە هەوادارانی خۆی، بە گەشبینییەکی زۆر بێ سنوور گوتی، **کاتی ئەوە هاتووە کە گرفتی کورد چارەسەر بکرێ و لاپەڕەیەکی نوێ بکرێتەوە کە پڕ بێ لە هەستی لێبوردن و خۆشەویستی و ئەو کارەساتانە دووبارە نەبنەوە کە ئەم وڵاتەیان دووچاریماڵوێرانی کرد.**

تاتلیسس، بەدەم چرینی گۆرانییەکی کوردی و پاشان تورکی، داوای کرد کە هەموو لایەک، هەوڵدەن پشتیوانی لە هەنگاوەکانی حکومەتی تورکیا بکرێ، بەتایبەتی ئۆردوگان کە سەرقاڵی چارەسەکردنی ئەو کێشە گەورەیەو وایدایە قەڵەم کە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، سەرەتایە بۆ ژیانێکی نوێ.

هەفتەنامەیەکی گشتیی کلتوورییە
وەزارەتی رۆشنبیری دەری دەکات
ژمارە (٥٢٥)     ٢٩ی ئەیلوول - ٢٠٠٩

خاوەن ئیمتیاز
وەزیری رۆشنبیری

سەرنووسەر
شێرزاد عەبدولڕەحمان



www.heremikurdistan.com
Email: ghkurdistan@gmail.com
ئیمێلی فایلی سیاسی: politicsfile@ymail.com

وێنەی بەرگی یەکەم: سەفین حەمید